## راپورتی چالاکیەکانی 8 مارس لە سوید/ ستوکهولم

1. لە دوای زنجیرەیەك لە کوبونەوە لەگەل چەندین ریکخراوی جوراوجوری ژنان لە ستوکهولم بە دەستپیشخەری کومیتەی دیفاع لە مافەکانی ژنانی عیراقی کومیتەیەکی تایبەت بە 8 مارس پیکهینرا کە ئەم کومیتەیە روژی 9 مانگ لە ناوەراستی شاری ستوکهولم (مەیدانی سیرگل) کوبونەوەیەکی جەماوەری ریکدەخات کات ژمیر 3 ی پاش نیوەرو. لەم کوبونەوەیەدا هەردوو ریگا رووف وە هەلالە رافع قسەوباسیك پیشکەش دەکەن.

کومیتەکە لەم ریکخراوانە پیکهاتوون : کومیتەی دیفاع لە مافەکانی ژنانی عیراقی، ریکخراوی ئازادی ژن، ئینتەر فم، ریکخراوی خوشکانی ئەفریقا، ریکخراوی ئینتیگراسیونی ژنانی ئەریتریا، ریکخراوی ژنانی چەپی سوید، سینسوس وە ریکخراوی ئازادی ژن لە ئیران.

2. روژی 8 مانگ بەبەشداری ریکخراوی ئازادی ژن وە کومیتەی دیفاع لەمافەکانی ژنان لەلایەن ریکخراوە ژنانەکانی چەپەوە ریپیوانیك ساز دەکریت کە سەعات 5 ئیوارە لە مەیدانی (سلوسن) دەست پیدەکات بەرەو مەیدانی (ماریا). ریکخراوی ئازادی ژن پەیامی کورتی دەبیت.

3. هەر هەمان روژواتە 8ی مانگ بەبەشداری هەردوو ریکخراو کوبونەوەیەکی جەماوەری لە مەیدانی (سیرگل) ساز دەکریت کات ژمیر 1- 4ی پاش نیوەرو دریژەی دەبیت، لەم کوبونەوەیەدا ریگا رووف قسەو باسیك پیشکەش دەکات.

روژی 10ی مانکی 3/ 2007 بە سەرپەرشتی هەردوو ریکخراوی ئازادی ژن وە کومیتەی دیفاع لە مافەکانی ژنانی عیراقی ئاهەنگیك سازدەکریت لە هولی (هوسبی تریف) لە شاری ستوکهولم بە بونەی روژی جیهانی ژنانەوە، کە تیایدا چەندین چالاکی جوراوجور پیشکەش دەکریت بو سەرگەرمی بەشداربووان، لەوانە موسیقای جوراوجوری بیانی، کوردی، عەرەبی، فارسی، ئەفریقی... هاتن بو هەمووانە.

روژی سی شەممە 2007/3/6 ریگا رووف بە نوینەرایەتی ریکخراوی ئازادی ژن بەشداری دەکات لە پانیل دیباتیك کە تایبەتە بە "عیراق" . ئەم پانیل دیباتە پەرلەمانی سوید بەری دەخریت وە لەلایەن حیزبی لیبرالی سویدەوە ساز دەدریت.

ریگا رووف

نوینەری ریکخراوی ئازادی ژن لە سوید

2007-2-23